مەحمود عەباس داوای لە حەماس کرد کە چەکەکانیان ڕادەستی دەسەڵاتی فەڵەستین بکەن

مەحمود عەباس سەرۆك کۆماری فەڵەستین ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، حەماس ڕۆژك لە دوای ئاگربەست، حوکمانی کەرتی غەززە ناکات و داوای لە بزوتنەوەکە کرد کە چەکەکانیان ڕادەستی دەسەڵاتی فەڵەستین بکەن.

مەحمود عەباس لە میانی کۆبونەوەیەکدا ئۆوارەی یەکشەممە لەگەڵ تێنی بڵێر سەرۆك وەزیرانی پێشوتری بریتانیا لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی لە عەمانی پایتەختی ئوردن، هەردولا دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکانی فەڵەستین و هەروەها پێشهاتە سیاسی و مرۆییە بەردەوامەکانیان تاوتوێ کرد و مەحمود عەباس جەختی لەسەر پێویستی گەیشتن بە ئاگربەستێکی دەستبەجێ و ئازادکردنی هەمو بارمتەکان و زیندانییەکان و دڵنیابون لە چونە ژورەوەی بێ بەربەستی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ ناو کەرتی غەززە کردەوە.
سەرۆکی فەڵەستین وتیشی، تاکە چارەسەری بژاردەیی کشانەوەی تەواوەتی ئیسرائیلە لە کەرتی غەززە کە دەوڵەتی فەلەستین بتوانێت بەرپرسیارێتی تەواو لەوێ بگرێتە ئەستۆ، بە پشتیوانییەکی کاریگەری عەرەبی و نێودەوڵەتی، "حەماسیش ڕۆژی دواتر حوکمانی کەرتی

غەززە ناکات".

ئەوەشیخستەو، "پێویستە حەماس چەکەکانی خۆی رادەستی دەسەڵاتی فەڵەستین بکات، بەشداری چالاکیی سیاسی بکات بە پابەندبوون بە بەرنامەی سیاسی و نووەوەتیی و شەرعیەتی نووەوەتی و بنەماکانی یەك سیستەم و یەك یاسا و یەك چەکی شەرعی".

مەحمود عەباس جەختی لەسەر پێویستی وەستاندنی هەمو ڕووشوێنە تاکلایەنەکان کردەوە، دیارترینیان فراوانکردنی نیشتەجێبونەکان، ڕەتکردنەوەی لکاندن، ڕاگرتنی هێرشە دوبارەبوەکان بۆ سەر شوێنە پیرۆزە ئیسلامی و مەسیحییەکان.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا ڕێککەوتن لەسەر بەردەوامبون لە کارکردن و هەماهەنگی و ئەنجامدانی کۆبونەوە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری و ئارامی بۆ هەموان لە ناوچەکەدا.